# بەقائی: چاوەڕوانی دانوستانەکی درێژخایەن لەگەڵ ئەمریکا ناکەین



وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند، دانوستانەکانی تاران لەبارەی بەرنامەی ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئەمریکا کە ئەمڕۆ لەشاری مسقەتی پایتەختی عومان دەستپێکرد، چاوەڕوان ناکرێ درێژ بخایەنێت.

ئیسماعیل بەقایی، ئەمڕۆ شەممە بە تەلەفزیۆنی فەرمی ئێرانی ڕاگەیاند، "ئەمە سەرەتایەکە و پێشبینی ناکەین ئەم خولەی دانوستانەکان زۆر درێژ بێت".
ئاماژەی بەوەشکرد، هەردولا لە هەڵوێستی نەوەندگیرییەکی عومانییەوە "هەڵوەست و پرەنسیپەکانی" خۆیان ئاوگەڵ دەکەن.

سەرچاوەیەکی عومان بە ئاژانسی هەیەتەرزی ڕاگەیاندوە، دانوستانەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا چڕ کراوەتەوە لەسەر کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە و ئاگەڵی زیندانیان و گەیشتن بە هەکەکوتنەکی سنوردار بە کەمکردنەوەی سزاکانی سەر ئێران، لەبەرامبەر کۆنتڕۆڵکردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران.
مەسقەت میوانداری دانوستانەکانی نێوان واشنتن و تاران دەکات کە ئەمڕۆ شەممە دەستپێکردوە، بە

ئامانجی دەستپێکردنی دانوستانی نوێ سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران کە بە خرایی بڕۆپش دەچێت. دۆناڵد ترەمپ، سەرکی ئەمریکا هەڕەشەی کرد لە ئێگری نێگەیشتن بە ڕێککەوتن، هەرشی سەربازی دێکاتە سەر ئێران.

لایخەیەوە عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران سەرکایەتی شاندی ئێران دێکات و ستیڤ ویتکۆف، نوێنەری ترەمپ لە ڕێژەهەڵاتی ناوەڕاست سەرکردایەتی دانوستانێکانی لایەنی ئەمریکی دێکات.